ناوەڕکی کۆبوونەوەی پارێزگاری سلێمانی و وەزیری دارایی و ئابووری هەرێم

پارێزگاری سلێمانی رایگەیاند: وەزیری دارایی هەوڵکانی بۆ دابینکردنی بودجە و موچە و شایستە دارایییەکانی هەرێمی کوردستان دوپاتکردەوەتەوە و بڕیارە لە سبەینێوە ڕێکارەکانی دابەشکردنی موچە دەستپێبکەن.

ئەمڕۆ چوارشەممە، د.هێڤاڵ ئەبوبەکر، پارێزگاری سلێمانی رایگەیاند: لە دیوانی پارێزگا پێشوازیمان لە ئاوات شێخ جەناب، وەزیری دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان و تیمی ئەنجومەنی وەزیران تایبەت بە پێڕۆی (هێژماری من) و وەفدی هاوڕێی کردوە.

ئاماژەی بۆئەوەشکردوە، لە کۆبونەوەیەکدا، وەزیری دارایی بایەخی سیستمی پێڕۆی (هێژماری من) و دەستپێکردنی پێڕۆکە لە سلێمانی کردوە لەگەڵ باسکردنی هەوڵکانی وەزارەتی دارایی و حکومەتی هەرێمی کوردستانی بۆ دابینکردنی بودجەو موچەو شایستە دارایییەکانی هەرێمی کوردستان دوپاتکردەوەو وابڕیارە لە سبەینێوە ڕێکارەکانی دابەشکردنی موچە دەستپێبکەن.